# پەیوەندیی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی سەراسەری، جیاوازیەکانی مەیلی رادیکال و مەیلی موحافزەکار لە بزووتنەوەی کریکاری‌دا

## وتوویژ لەگەڵ هاوری حەسەن رەحمان پەنا

**جیهانی ئێمروز: لە قسەوباسەکانی کۆنگرەی ١٢ی کۆمەڵە سەبارەت بە بزووتنەوەی کرێکاریی کوردستان، باس لە نفوز و پێگەی مەیلی سۆسیالیستی لەو بزووتنەوەیە دا و لاوازبوونی مەیلی رێفورمیستی دەکات، تایبەتمەندییەکانی ئەو جیۆشوێنە چن؟ و چۆنە کە سەرەرای ئەوەیکە کوردستان لەباری سەنعەتی‌یەوە لە چاو باقی ناوچەکانی دیکەی ئێران لە ئاستێکی خوارتردایە، بەڵام بزووتنەوەی کرێکاری لەم ناوچە هەم لەباری سوننەتی خەباتکارانە و هەم لە باری گەشەی رەوتی رادیکاڵ و سۆسیالیستی‌یەوە جیۆ شۆێنیکی باشتری هەیە؟**

حەسەنی رەحمان پەنا: بێ شك بزووتنەوەی کرێکاریی کوردستانیش هەروەك هەر بزووتنەوەیەکی کرێکاریی و کۆمەڵایەتی دیکە لە میل وگەرایشی جۆراجۆر پێك هاتووە. ئەو مەیلانە لە پراتیکی رۆژانەو خەباتی زیندوودا بەشدارن و زۆرجار گەلاڵە و بەیانییە و ویست و خواستی جیاوازیان پێشکەش کردووە. بۆ وێنە دەکرێ بە هەلسووکەوتی مەیلی محافزەکار لە رۆژی یەکی مانگی مەی نیوەی دووهەمی ساڵی ٦٠ی سنە ئاماژە بکەین کە خواست و ویستی دیکەی هەبوو، بەڵام هاوسەنگیی هێز بە قازانجی نەبوو وە نەیتوانی داخوازەکانی بباتە سەرووی خواست و ویستی کرێکاران. یان لە جەرگەی خەبات و ململانیی رۆژانەی دیکە لەوانە ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن مەیلی مۆحافزەکار بە پشت بەستن بە ئیمکان گەرایی و چاوپوشی کردن لە زۆرێك لە خواست و ویستەکانی ژنان و هەولدان بو بەئیسلامی کردنی ئەم رۆژە جیهانی تیکوشاوە وهەولی داوە رێبەری ئەو خەباتانە بە دەستەوە بگریت کە لە پشتیوانیی بێ دریغی مەیلی ناسیونالیستی بەهرەمەند بووە، بەڵام مەیلی رادیکال و سۆسیالیستی ئیجازەی بردنە پێشێی سیاسەتە زیانبارەکانی پێ نەدا.

مەیل و بوچونی موحافزەکار لە گەلاڵە کردنی خواست و داخوازەکانی بزووتنەوەی کرێکاریی، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی لاوان و..... پشت بە هێزی ئەو جەماوەرە نابەستن کە رۆژانە سەروکاریان لەگەڵیان هەیە و ئاسویان لیل و بەرتەسکە. لە گەلاڵەکردنی خواستەکاندا زیاتر لایەنگری ریفورمی چکۆلەن و لە بریوە بردنی، ناوەند و رێکخراوەکاندا لایەنگری پێکهاتەی بۆرۆکراتیکن. بەڵام سەبارەت بە مەیلی سۆسیالیستی کە زیاتر جێگای سەرەنج و پرسیاری ئێوەیە دەبێ بڵێم کە مەیلی سوسیالیستی ئاسویەکی روون و دیاریکراوی لە نێو ئەو بزووتنەوەدا هەیە. ئەو هێزەی کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پشتی پێ بەستووە نەك هیزی بان سەری

چەوساوەکان، بەڵکوو جەماوەری دەستەنگ و ستەمدیدەیە کە بە وشیاری و یەك ریزی بۆ گۆرانکاری و ئال وگور لە ژیان دا خەبات دەکات بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانیت. ئەو مەیلە خاوەنی ئاسۆی سەرتاسەری و جیهانی‌یە کە پراتیکە مەحەلییەکەشی هەر لەو ئاسۆیەوە سەرچاوە دەگریت. ئەوەندەی بۆ ڕیفورم و باشتربوونی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکیش تێدەکۆشێ و خوازیاری ئیسلاح لە ژیانی جەماوەر دایە بەڵام ریفورمیست نیە و ریفورم لە خزمەت بە خۆشکردنی بوار بۆ ئینقلاب دەبینیت. لە بریاردانىدا پشت بە کۆبونەوەی گشتی و ئیرادەی وشیارانەو بەکۆمەڵی کرێکاران دەبەستێت. پێکهاتنی ڕێکخراوەی کرێکاریی و جەماوەری بە بەرهەمی لوتف و مەرحەمەتی دەوڵەت و سەرمایەداران نازانێت، بەڵکوو بە دەسکەوتی هێزی هاوخەباتی کرێکاران لە نێو دڵی تیکۆشانیکی زیندوو و روژانەی دەزانیت کە لە هەمان حاڵدا وەها ڕێکخراویك خەباتی رۆژانەی کرێکاران دەباتە پێشێ و لەگەڵ ئەو پیش چونەیش خۆی تازە دکاتەوە و بەرەو پیش دەچێت. مەیدانی چالاکی و هەڵسوکەوتی تیکوشانی مەیلی سوسیالیست نەك تەنیا بەشێکی دیاریکراو یان رشتەیەکی تایبەتی لە کرێکاران بەڵکوو هەموو چینی کریکارە.

لە نێوان کرێکاری ژن و پیاودا جیاوازی دانانێت و گشت چینی کرێکار و بەرژەوەندی درێژماوەی ئەو چینە لە خەباتی رۆژانەدا لەبەرچاو دەگریت. رۆژانە لەگەڵ باقی مەیل و گرایشەکان، لەوانە مەیلی ریفۆرمیستی وناسیۆناڵیستی لە ململانی دایە و هەوڵ بۆ وشیار کردنەوەی کرێکاران بە ویستەکانیان دەدات و ئیفشای زیانیباربوونی سیاسەتەکانی ئەو مەیلانە بۆ بزووتنەوەی کرێکاریی بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانیت.

هاوسەنگیی چینایەتی هیز لە نیوان کرێکاران و سەرمایەداران دا تەنیا لە چوارچێوەی کوردستان و دواکەوتوویی ئاستی گەشەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەو ناوچەیە نابینێت، بەڵکوو ئاسۆی شۆرشی کرێکاریی و سۆسیالیستی لە ئاستی سەراسەریی لە بەرچاوە.

مەیلی سۆسیالیستی لە کوردستان هەر چەند لەگەڵ کۆمەڵە لە پێوەندیی حیزبی و ڕێکخراوەییدا نیە، بەڵام لە سیاسەتی کۆمۆنیستی و شورشگیرانەی کۆمەڵە تەئسیر وەردەگرێت. یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئیعتباری ئەو مەیلە لە کوردستان، نفوزی کۆمەڵایەتی و بەربڵاوی کۆمەڵە لە ماوەی زیارت لە سێ دەیەونیو کاری ڕێکخراوەیی و وشیاریبەخشە کە ڕێگای بۆ چالاکی و فەعالییەتی مەیلی سۆسیالیستی وکرێکاریی لە بزووتنەوەی کوردستانە هەموار کردووە.

## جیهانی ئێمروز: پێوەندیی بزووتنەوەی کرێکاریی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریی سەراسەریی لە چ ئاستیکدایە؟ و تا چ رادەیەك ئەم دوو بزووتنەوە لە یەك تەئسیر وەردەگرن؟

حەسەنی رەحمان پەنا: پێوەندیی بزووتنەوەی کرێکاریی کوردستان و بزووتنەوەی کرێکاری ئێران پێوەندییەکی ئابووریی، چینایەتی و خەباتکارانەیە. ئەو پێوەندییە بەر لە هەر شتێك لە بوونی دەسەڵاتێکی سیاسیی واحد و هاوبەش بە نێوی ئێران سەرچاوە دەگرێت کە مێژووی خۆی هەیە. ئەو جۆغرافییایە پێوەندی ئابوویی، کۆمەڵایەتیی و سازمانی دیاریکراوی لە نێوان دانیشتووانی ئەو وڵاتە و چین و توێژە جوراوجۆرەکانی بە هەموو ناکوکی نیوانیانەوە پێك هیناوە.

پیش لە باسکردنی پێوەندیی بزووتنەوەی کرێکاریی کوردستان و ئێران، با چاوێکی هەر چەند کورت وخێرا بەسەر پێوەندیی بۆرژوازیی کورد و غەیرە کورددا بخشێنین. ئەوان ئەورۆکە ئێتر سنوو، نەتەوە و مەزهەب بۆ خستنەگەڕی سەرمایەکەیان لە کوردستان، ئێران و دەرەوەی وڵات بەرەسمییەت ناناسن. مەنتیقی ئەوان تەنیا وەدەست هێنانی قازانج و چەوساندنەوەی رۆژانەی چینی کرێکار و خەڵکی ستەم لێکراوە.

ناوەندە سەرکوتگەر و نێزامیی و ئیتلاعاتی‌یەکانی پشتیوانی ئەوان، بۆ سەرکوت و داپلوسینی گشت چینی کرێکار یەکدەست و واحید یۆنیفۆرمی یەکسان لەبەر دەکەن و یاسایەکی هاوبەشیان هەیە.

یاسای کار کە یاسای چەوساندنەوە و سەرکوتی وەحشییانەی هەموو چینی کرێکاری ئێرانە، یەك یاسای کار و هاوبەشە. ئەگەر حیزبی ئیسلامیی یان میللی لە تاران پێك هات، دەست بەجێ دەفتەر و بنکەی لە سنە، سەقز، مهاباد و باقی شارەکانی کوردستان و شوێنەکانی دیکەی ئیران دەکرێتەوە، لەسەردمی دەسەلاتداریەتی رژیمی پێشوشدا وەزعەکە هەر بەمجورە بوو.

ئەم راستیانەی کە ئاماژەی پێکرا بەوەمان دەگەینێت کە چینی کرێکاریش بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنانی خۆی ناتوانی مەسیرێکی دیکە هەڵبژێرێت. خەبات بۆ باشتربوونی فرۆشتنی هێزی کار، بۆ پێکهینانی رێکخراوی کرێکاریی، جەماوەریی، حیزبیی، دژایەتی لەگەڵ یاسای کار، بەربەرەکانێ لەگەڵ هیزە سەرکوتگەر و ئەمنییەتی‌یەکان، خەبات بۆ باشتر بوونی بارودۆخی ژیان، خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای کۆنەپەرستانی ئیسلامی لە کۆمەڵگا و ئاپارتایدی جنسیی لە دژی ژنان و زۆر شتی دیکە، ئەگەریش لە ناوەندیکی کرێکاری و گەرەکێك و شارێکەوە دەست پێ بکات، بەڵام سەرکەوتن و بەدەستهینانێ دەسکەوت و پاراستنی ئەو دەسکەوتانە لە گەرکێك و ناوچەیەك وشارێك واوەترە و شتێکی سەراسەری‌یە. ئێمە زۆرجار وتوومانە کە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان بەتەنیایی ناتوانێ رژیمی ئیسلامی لە ئیران بڕووخێنیت. دەبی ئیستا ئەم راستیی‌یەش بڵێین کە بزووتنەوەی کرێکاریی کوردستانیش بە تەنیا ناتوانێ قانونی کارێ ئێران بگورێت. چ بگات بەوەی کە حکومەتی کریکاری لەم بەشە دابمەزرینیت. هەر بەمجۆرەی کە بزووتنەوەی ژنان لە ئازەربایجان یان تارانیش بەتەنیایی ناتوانێ ئاپارتایدی جنسی لە دژی ژنان هەڵوەشێنێتەوە. گۆڕانی پێکهاتەی دەسەڵات وحکوومەت و یاسا بنەرەتییەکان و سەرەنجام رووخاندنی حاکمییەتی ئیسلامیی، شتێکی سەرتاسەرییە و فەرامحەللی‌یە.

بە پێی ئەو هۆکارە عەینی‌یانەی کە باس کران، پێوەندیی بزووتنەوەی کرێکاریی کوردستان و ئێران وەکوو گەڕانی خۆین لە جەستەی هاوبەشی سەرجەم چینی کرێکار لە شارەگی ئابووریی ئەو وڵاتەیە.

جم و جوڵەکانی ئەم چەندساڵەی رابردوو رۆژبەرۆژ زیاتر وشیاریی هەرچی زیاتری بزووتنەوەی کرێکاریی و بەئاگا هاتنی ئەم بزووتنەوەیەمان پێ دەڵێ. ئەم جم وجوڵانە لە بزووتنەوەی ئیعتیرازیی و مافخوازانی ئەووەڵی مانگی مەیەکان و ٨ی مارسەکان و بەربەرەکانە و مەقاومەت لە دژی مەحاکەمەی هەڵسووراوانی کرێکاریی سەقز، شیرکەت واحدی اتوبوسرانی تاران، کرێکارانی شاهۆ، نەساجیی و پەرریسی سنە و دەیان شوێنی‌تر و هەوڵی جەسورانە بۆ پێکهێنانی رێکخراوی کرێکاری خۆی نیشان داوە، هەمووی ئەم راستییانە نێشاندەری پێوەندەیی نزیك و لێك هەڵپێکراو و تەئسیری راستەو خۆی بزووتنەوەی کرێکاریی کوردستان و ئێران لە سەر یەکترە.

**جیهانی ئێمروز: لە کۆنگرەی ١٢ی کۆمەڵەدا بەتێروتەسەلی لەسەر جێ وشوێنی کاری عەلەنی و قانوونی قسەکرا. بە سەرەنجدان بە بارودۆخی سیاسی کوردستان ئیمکانێکی زۆری بۆ رەوتی رادیکاڵ و سۆسیالیستی نێو بزووتنەوی جەماوەریی و کرێکاری کوردستان رەخساوە و دەرەخیست کە لە گونگرە تەئکیدی لەسەر کرایەوە. هاوکات ئەم هەل و مەرجە جاروبار بیانووی بۆ گوشار خستنە سەر هەڵسوراوانی بزووتنەوەی کرێکاریی و ئەنجومەنە دێمۆکراتیکە غەیرە دەوڵەتی‌یەکان داوەتە دەست رێژیم. بیروراتان لەو بارەیەوە چی‌یە؟**

حەسەنی رەحمان پەنا: خەبات بۆ باشترکردنی بارودۆخی کار و ژیان، کارێکی هەر رۆژەیەوە و تەعتیل بوونی بۆ نیە. لە فەزای دیکتاتۆریی و خەفەقان کەئێمکانی فەعالییەتی حیزبی سیاسیی و رێکخراو وناوەندەی ئازاد و کرێکاریی و جەماوەری نیە، بڵاوکراوە و چاپەمەنی و رۆژنامە و گوڤارەکان لە ژێر تیغی سانسوڕدان و سازمان دان و خۆرێکخستنی ئازادانەی جەماوەر و دەربڕینی ئاشکرای بیروباور بە دەر لە چوارچێوەی سانسۆڕ، لەگەڵ لەمپەر و کۆسپە حکومەتی‌یەکان بەرەوڕوو دەبێت، بزووتنەوەی ئیعترازیی و کۆمەڵایەتی هەر چەند کار و فەعالییەتیان زۆر دژوار و بگرە ناموکین دەبێت، بەڵام بە هۆی زیندووبوونی رەوتی خەباتی چینایەتی کە بەرەو پیش چوونی حەرەکەتی کۆمەڵگای لەسەر دامەزراوە، ناتوانێ ماوەیەکی زۆر بی دەنگ بێت، بەڵکوو بەردەوام دێنەوە مەیدان و رووبەڕووبوونەوەی بە نهێنیی و بەئاشکرا لەگەڵ نیزامی حاکم و دەوڵەتی پشتیوانی ئەو بە شێوەی نهێنی و ئاشکرا دەکەوێتەوە گەڕ.

کاری عەلەنی و قانوونی شێوازێکی گرنگ لە خەبات و خۆسازماندانی وشیارانەی چینی کرێکارە و

سەنگەرێکە کە ئەو چینە بۆ دیفاع لە خۆی لەبەرامبەر هێرشی بێ پسانەوەی سەرمایەداران بۆ سەر ئاستی ژیان و بەرێچوونی رۆژانەی خۆی بەریوە دەبات و دەوڵەتی سەرکوتگەر ناچار دەکات کە مەلکەچی ئەو شێوە ململانی‌یە بێت و ولامی داخوازەکانی بە پێی تەرازووی هێز بداتەوە.

بەسەرکوت و خەفەقان دەکرێ بەر بە چالاکیی حیزبێکی سیاسیی بگێریت، بەڵام ناکرێ و ناتوانرێ کرێکار لە خەبات بۆ داخوازی رۆژانەی پاشگەز بکرێتەوە. کار عەلەنی قانونی یەعنی هەلسورانی بە کردەوە و درگیر بوونی رۆژانە و بەئاشکرا لەگەڵ دەوڵەت و یاساکانی بۆ بە دەست هێنانی هەر رادەلە خواست و ویست کریکاران و جەماوەری نارازی بەهێزی خۆیان.

ئەو شکلٚ و شێوازە لە خەبات بەمانای بەشداریی تەشکیلاتی ئێمە لە خەباتی ئابووریی، کۆمەڵایەتیی وسیاسی لە نێو دڵی کێشە و ململانی زیندووی رۆژانە لە نێو کۆمەڵگادایە بەبێ ئەوەیکە هەڵسووراوانی ئەو بوارە لە خەبات هیچ جۆرە پێوەندییەکی رێکخراوەیان لەگەڵ کۆمەڵە هەبێت و ئەگەریش پێوەندییەك هەبێت، سیاسیی و مەعنەوییە. خەباتی عەلەنیی و قانوونی لە لایەن کەسانێکەوە هدایت و ریبەری دەکرێت و دەبرێتە پێش کە لەو بوارەدا راهاتوون و چەندوچۆنەکانی ئەو خەباتە دەزانن و خاوەن تەجرەبەن. ئەو کەسانە رووخساری ناسراو و خۆش نێو و جێی متمانەی نێو جەماوەرن. ئەوان ئەندامی تەشکیلاتی کۆمەڵە لە کوردستان نین، بەڵام زۆریەك لە وان لە کردەوەدا خۆیان بە هاوجەهەتی کۆمەڵە دەزانن.

لەلایەکی دیکەوە چالاکی تیکوشەرانی بواری کاری عەلەنی و قانونی حزووری ئەوان لە مەیدانی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان بەرهەمی هاوسەنگی هێزە کە وردە وردە و لە پاش ساڵەها بەرد لە سەر بەرد دانان بەدەست هاتووە. پێك هێنانی ئال وگورە لە کار، ژیان و خەبات بە قازانجی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش و هەوڵدان بۆ رێکخستنی ئەوان لە ریزێکی سەربەخۆ دا و سەرەنجام گەیشتن بە دەسەلاتی سیاسی لەلایەن چینی کرێکار یان بەدەست هێنانی بەشێکی گرنگ لە دەسەلات لە دوارۆژی رۆخاندنی کۆماری ئیسلامی و مسوگەر کردنی سەرکەوتن کارێك نییە کە بە نهێنی و ژێر بە ژێر بەرێوە بەچێت، بەڵکوو بە خەباتیکی عەلەنی و ئاشکرا دەکرێت کە رۆژانە لە گەڵیدا بەرەو ڕوون.

هەڵسووراوی بورای خەباتی عەلەنی و قانونی دەزانی کە بە هەر ئیعتیراز و خەباتیك نە کۆماری ئیسلامی دەڕووخێت و نە دروشمی "برۆخی کۆماری ئیسلامی" دەتوانی رێخۆشکەر و هۆکارێك بێت بۆ رێکخستنی

ریزەکان، بەڵکوو هەڵسووورانی ئەو بوارە پیویستە کە لێکدانەوەی دروست و واقع بینانەیان لە هەر خەباتێك، تەرحی دروشمی گونجاو کەهیزی لە دەور کۆبێتەوە، بەدەست هێنانی سەکەوتنی هەر چەند چکولە و توانای پاشەکشە لە کاتی پیویست بە مەبەستی خوریکخستن و هێرشی دووبارە لە هەل ومەرجی باشتریان هەبێت. هەڵسووراوانی بورای عەلەنی و قانوونی پێویستیان بە وشیاری و ئینعتاف و کار زانییەکی زۆر هەیە. بواری کاری عەلەنیی و قانوونی بوهەلسووراوانی ئەم بورارە جادەیەکی یەك تەڕەفە نیە، بەڵکوو دوژمنیش لەو مەیدانە دا چالاکە و هەولی وەدەرنانی هەڵسووورانی لەم بوارە هەیە. چالاکیکردن لەو مەیدانەدا ئەساسەن پێویستی بە توانای ئامادە کردنی هێز، ستراتیژی روون و شێوەی کاری دروست و وشیارانە هەیە. ئەو کارانە بە فریودانی دوژمن ناچنە پێشێ، بەڵکوو بەرهەم و حاسڵی رێبەرییەکی ژیرانەیە کە لە هەر بارودۆخێکدا پشت بە هێزی جەمعی دەبەستێت و رزگار بوون لە ستەم بە بەرهەمی خەباتی وشیارانە و یەکگرتووانەی چینی کرێکار و خەڵکی ستەمدیتوو دەزانێت و هەوڵی بۆ دەدا.

رژیم هەمووی ئەو راستییانە دەزانێ و بۆ بەر پەرچدانەوەیان لە سەرکوت و گوشارەوە بگرە تا سازش و ریاکاریی کەڵك وەردەگرێت. لەو نێوەدا گرنگ ئەوەیە کە هەڵسووراوی بورای کاری عەلەنی و قانوونی چلۆن کردەوەکان و نەخەشەکانی دوژمن بەرپەرچ دەداتەوە و جەماوەری نارازی یەکدەخات و رێگای سەرکەوتن خوش دەکات و نێشانی دەدات. ئەرکی ئێمەش وەکوو کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، یارمەتی بە خۆشکردنی ئەو مەسیرە بۆ هەڵسووراوانی ئەو بوارەیە بە بێ هێچ چاوەروانێکی حیزبی و رێکخراوەیی. بەرژەوەندی ئێمە وەك حیزب لە بەرو پێش چونی بزووتنەوەی کرێکاریدایە. لە نێو جەرگەی بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی لاوان و بزووتنەوەی جەماوریدا، رەوتی رادیکاڵ و شۆڕشگێر لەوانە کۆمەڵە، بەهێز دەبێت و پەرە دەستێنێت. ئەرکی سەرەکی ئێمە، کومەك و یارمەتی بە گرتنە پێشی ستراتێژێکی روون و شێوەی کارێکی دروست و وشیارانەیە. بەسەرنجدان بە پێگە و بڕشتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵە لە کوردستان، ئەو کارە مومکینە و ئێمکان بۆ پێشڕەوی لەو مەیدانەدا زۆرە.

**جیهانی ئێمروز: لەم دواییانە دا و سەر لە نوێ دەزگای قەزایی و ئەمنییەتی رژیم لە کوردستان، پەروەندەی داخراوی هەڵسووراوانی کرێکاری و لەوانە مەحمودی ساڵحی و جەلالی حوسێنی خستۆتە گەڕ و هەم دیسان ئەوانی بانگهێشتی دادگا کردووەتەوە. رژیم لەم بارودۆخەدا لەو زەخت و گوشار هێنانە چ نییەت و ئامانجێکی هەیە؟ و چۆن دەکری لەو بارەیەوە رژیم ناچار بە پاشەکشە بکرێت؟**

حەسەنی رەحمان پەنا: سەرەتا دەبی بڵێم ئەو شتەی کە لە سەقز لە ماوەی ٢ ساڵی رابردوودا لە ئارادابووە، نە موحاکمە و دادگایی بە پێی نۆرم و رەوالی باو لە دونیای بورژوازیدا، بەڵکوو گاڵتە جارێکی نامرۆڤانە و غەیرە ئەخلاقی‌یە کە لە سەر دەستی کۆماری ئیسلامی ماوەتەوە و نازانی چۆن خۆی لێ دەرباز کات. بانگ کردنەوەی مەحمودی ساڵحی و جەلالی حوسێنی بۆ بێدادگاکانی سەقز، پێشاندەری ناکۆکبوونی ئاشکرای سیستمی قەزایی رژیمی ئیسلامی لەگەڵ سەرەتایی ترین مافەکانی مرۆڤ و بوونی باندە مافیاییەکانی باتر لە یاسایەکە خۆیان دایانناوە و بەڕواڵەت باوەڕیان پێی هەیە. ئێستا بۆ هەموو کەس دەرکەوتووە کە هەر مەسەلەیەکی حقوقی و قەزایی لە جۆری ئەوەڵی مانگی مەی سەقز و یان خەباتی کرێکارانی نەساجی، شاهۆ و پەڕریسی سنە و سەندیکای کرێکارانی شیرکەت واحیدی ئۆتۆبوسرانی تاران و دەوروبەر بۆ رژیمی ئیسلامی پێش هەموو شتێك، سیاسی و ئەمنییەتی‌یە. ئەگینا چۆن دەکرێ لە ماوەیەکی کورتدا چەند حوکمی ناکۆك لە دژی ئەو

ئینسانە شەریفانە دەربکرێت کە تەنیا تاوانیان، دیفاع لە کەرامەت و خواستە ئینسانی و چینایەتی‌یەکانی خۆیان و بە میلیۆن ئینسانی دیکەیە؟! بانگ کردنەوەی هەڵسووراوانی کرێکاری بۆ بێدادگای ئیسلامیی سەقز پێوەندی بە دو هۆکاری ناوخۆ و دەرەوە هەیە. لە بورای هەڵس و کەوتی دەرەوە، کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کێشەی ئەتومی و دژایەتی رای گشتیی لەگەڵ ئەم کردەوەی خۆی بەرەورووە.

ئێمە دەبینین کە بە هەر رادە رژیمی ئیسلامی لە ئاستی جیهانیدا لەگەڵ گرفت بەرەوڕوو بێت و بە بۆن بەست بگا، بە هەمان رادە و بگرە زیاتر لە ئاستی ناوخۆ دا زەخت و گوشار و سەرکوت لە دژی بزووتنەوەی ئیعتیرازی و جەماوەری ناڕازیی زیاتر دەکات و دەڕتر دەبێت. چوونە سەری ئێعدامەکان، زەخت و زۆر لە دژی ژنان، داخستنی گۆڤار و رۆژنامەکان، زەخت و زۆر بۆ سەر هەڵسووراونی کرێکاری شیرکەتی واحیدی ئۆتۆبوسڕانی تاران، کرێکارانی سنە، سەقز و شوێنەکانی تر ئەو راستییەمان پێ دەڵێن . ئەو زەخت و زۆرانە لەو راستییە سادە و ساکارەوە سەرچاوە دەگرێت کە رێککەوتن و سازانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە زۆر ئاسانترە لە دامرکاندنەوەی نەفرەتی گشتی خەڵکی ئێران لە رژیمی ئیسلامی. لە ئاستی ناوخۆدا کۆماری ئیسلامی هەڵسووراوانی ئەوەڵی مانگی مەی سەقز، رێبەرانی سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحید، هەڵسووراوانی کرێکاری نەساجی شاهۆ و پەڕریسی بە مەبەستی چاو ترسین کردنی چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری داوەتە بەر هەرەشە، دەیانگرێت، لەسەر کار دەریان دەکات و مەحاکەمەیان دەکات. بەڵام ئەو کردەوانە ئەمرۆ بوونەتە دژی رژیم و نەتەنیا نەبووە هۆی دروستبوونی ترس و وەحشەت لە نێو بزووتنەوەی کرێکاری، بەڵکوو خۆڕاگری دروست بووە. نەتەنیا کرێکارانی نێردراو بۆ بێدادگاکان، کرێکارە دەرکراو و گیراوەکان نەکەوتنە پەراوێز و بەتەنیا نەمانەوە، بەڵکوو بوونە رێبەرانی ناسراو و جێی متمانە و بە ئۆتۆریتەی ناوەوە و دەرەوەی وڵات. ئێستا و بۆ یەکەمجارە لە نێو بزووتنەوەی کرێکاری ئێران و لەو ئاستە بەرینە دا، دیواری ئەستوری جیایی ناوەوە و دەرەوە رووخاوە و کۆمەڵێك لە کرێکاران بوونەتە رووخساری ناسراو و خاوەن نەزەری بزووتنەوەی چینی کرێکار لەئاستی جیهانیدا. گشت ئەم راستییانە لەرزەی خستوەتە نێو لەشی رزیوی کۆماری ئیسلامی و رژیمیش رێی نەجاتی خۆی لە ترس و دڵەڕاوکێنانەوە و چاوترسێنکردنی بزووتنەوەی کرێکاری و مەحاکەمەی سەرلەنوێی هەڵسووراوانی کرێکاری دەبینێت.

تەنیا رێگای ناچار کردنی رژیمی ئیسلامی بە پاشەکشە، پەرەپێدانی تێکۆشان و ئیعیترازاتی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات و پشتیوانی هەمەلایەنە لە گیراوەکان و ئەو کرێکارانەیە کە بە نارەوا موحاکەمە دەکرێن. دەبێ بۆ ئەو مەبەستە چالاکی ونارەزایەتیەکان هاوئاهەنگ بکرێن و بەر بە پرژ و بڵاو بوونی هێز و بە فیڕۆ چونی توانا بە هۆی دەمارگرژیی گروهی و فێرقەیی بگێرێت. لە ئاستی نێوەنەتەوەییدا بەتایبەت بۆ راکێشانی یارمەتی ئیتحادییە، ناوەند و رێکخراوە کرێکاری و ئینساندۆستەکان گوشار بخرێتە سەر رژیم و هەوڵ بۆ دەرکردنی کۆماری ئیسلامی لە رێکخراوی جێهانی کار وەك رژیمیکی گەندەڵ و دژی کرێکاری بدرێت.

***